سەماحەتی حەکیم ..عیراقییەکان هاوبەشن لە یەك ینشتمان و لەژێر ناسنامەی نیشتمانی کە کەماندەکتەوە

لە کاتدرائیەی سەیدە نەجات لە ناوچەی کەادە، بەبۆنەی لەدایك بوونی گەورەی مەسیح (سلاو لەبەت لەگەڵ پێغەمبەری ئەمەش) بەڕێز عەمار حەکیم سەرکی هاوپەیمانەتی هێزکانی دەوڵەتی نیشتمانی پیرۆزبایی لە مەسیحییەکانی عیراق و جیهان و سەرجەم گەلانی عەراق بەم بۆنەیە کرد.

سەماحەتی لە گوتەیەکدا گوتی " ئیسلام بایەخێکی زۆری بە سەیدی مەسیح و خاتوون مەریەم داوە (سلاویان لە بێت)ئەوەش قووڵی پەیوەندی و هاوبەشی نێوان ئیسلام و مەسیحییەت دەردەخات، ئاماژەشی کرد کە مەسیحییەت بەشێکە لە جووڵەی پەیامە ئاسمانییەکان"
سەماحەتی گوتیشی " عیراقییەکان هاوبەشن لە یەك نیشتمان و لەژێر یەك ناسنامەی نیشتمانی کە کەیاندەکاتەوە، دووپاتیشی کردەوە کە پێویستە بەیەکەوە ژیان لەنێوان هەمو پێکهاتەکانی عەراق هەبێت، هەروەها پێند لە وانەکانی سەیدی مەسیح وەربگیرێت لە ئاشتی و خۆشەویستی و بەزەیی و هاریکاری و بەیکەوە ژیان و قوربانیدان لە بەها و بنەمایەکان.
سەماحەتی حەکیم باسی مەینەتییەکانی عەراقییەکانی کرد کە مەسیحییەکانیش بەشێکن لەوان کە بەدەست تیرۆر ناڕاندوویەتی و باسی ڕووداوە بە ئازارەکەی کەسەی سەیدە نەجاتی کرد و دووپاتی کرد لەسەر پێویستی گەڕانەوەی ڕەکانی پێکهاتەی مەسیحی بە وڵاتەکەیان بەشداریکردنیان لە بنیانانی عەراقدا.

لەکۆتایی گوتەکەی سەماحەتی حەکیم گوتی " هیوای ئاشتی و ئاوەدانی و گەشەپەدانی گەلانی فەلەستین و لوبنان و سووریا بە موسڵمان و مەسیحییەکان دەخوازم و ئەمە هاوخەمی ئەو گەلانەین لە لەکاتی مەینەتییەکاندا.